# کلتووری بەبەریست و کێردی سەرگەردنی خۆر

پۆلا سەعید



نەتەوەی عەرەب، لەگەڵ ڕێزێکی زۆرم بۆ ئەو عەرەبانەی کە خاوەنی کلتوورێکی ڕاستەقینەی مرۆڤانە و تسیڤیلیستن، بەڵام لە قووڵایی عەرەبدا ئەژدیهایەک هەیە پێیدەڵێن " هەست بە نزمیی خۆکردن" لە بەرانبەری ئەم کۆمپلێکسە تێکشکاوە پسیشیۆلۆگییەدا، نەتەوەی عەرەب دەیانەوێت ئەو بۆشاییە زل و زەبەلاحە بە کلتوورێکی بەبەریی و شۆڤێنییانە و ئسیلام پڕبکەنەوە. عەرەب خاوەنی چییە بۆ داهاتی مرۆڤایەتیی هەتا ئیمرۆ شانازیی پێوە بکات، بێجگە لە فەرهەنگی شەڕانگێریی و بەبەریی؟ بە کێوە دەنازن؟ بە "ئیبن سینا"وە بەڵام با بگەڕێنەوە بۆ درەختی بنەچەیی ئیبن سینا بزانن ئایا بە ڕەسەن عەرەبە؟ بە "کیمیا"وە دەنازن؟ بەڵام هەمانکات زانای کیمیا لە وڵاتی هندستان و لە چیناش هەبوو پاشان گەیشتە ئەوروپا. سەرهەڵدانی محەممەد و دروستبوونی ئیسلام ساڵی "570 بۆ 632" بێجگە لە پڕکردنەوەی گەورەترین بۆشاییی کۆمپلێکسانەی عەرەب بە کلتووری کووشتن و بڕین، هیچ سوودێکی تری بۆ مرۆڤایەتیی و بۆ دوارۆژی مرۆڤایەتیی تێدا نەبووە. کلتوورێکی بەجێماوی عەرەب نییە لە سەرتاسەری نیشتیمانی عەرەبیی دا کە جێگەی سەرنج و جێگەی ستایشی مرۆڤایەتیی بێت، بێجگە لە ئەهرامەکانی وڵاتی میسر و ئاسەواری بابلییەکان نەبێت لە وڵاتی ئێراق دا، کە خۆشبەختانە بابلییەکانیش عەرەب نەبوون. ئیمرۆ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی شاری مەدینە، کە بە زمانی سەردەم بە "سەلەفیەت" ناودەبرێت عەرەب دەیەوێت بەرانبەری هەموو جیهان بووەستێتەوە، خۆیشی بە ڕەواتر دەزانێت لە ژییانی پڕ تەکنەلۆژیا و جیهانگیریی و کۆمەڵگای تسیڤیلیست. تێکڕای هەموو دەق و تێزە هزرییەکانی فەیلەسووفانی جیهانیش ڕەتدەکەنەوە و پێیان وایە بەس بە تەنها قورئانەکەی ئەوان جێگای ئەم هەموو ڕەهەندانە دەگرێتەوە. ئەم ئەزموونەشمان لە وڵاتی ئەفغانستاندا بە چاوی خۆمان لە ڕێگەی میدیاکانی جیهانەوە بینیی.

www.kurdistannet.org

سەربڕینی " نیکۆلاس بێرگ" گەنجێکی تسیڤیلیستی بیست و شەش بەهارەی ئەمریکیی نەگ بە تەنها نەتەوەی ئەمریکیی بگرە سەرتاسەری جیهانی تووشی شۆکێک کرد، کە هەتا ئێستا مێژوو نەیگێڕاوەتەوە. لەم چەرخەدا ستەمە ئەو دیمەنی سەربڕیینە بە چاوی خۆت ببینیت و باوەڕ بەوە بهێنیت کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە سەدەی بیست و یەکدا دەژیی! دیارە مردن هەر مردنە بە هەموو شێوەکانیەوە. جا ئەگەر مرۆڤ ئۆتۆمبێل بیکات بە ژێرەوە، یان فیشەکی بەربکەوێت لە جەنگدا یان گوللەباران بکرێت، یان بە نەخۆشیی بمرێت ... هتد. بەڵام ئیسلامی ڕامیارکار کلتوورێکی سەدەکانی ناوەڕاستی گەڕانەوە نێو ژییانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی، کە ئەویش کاریگەرییە پسیشۆلۆگییەکانی چۆنێتی مردنە. دەرخستنی ئەو جۆرە کردەوە پڕ کارەساتانە بەتایبەت لە ڕێگای میدیاکانی ڕۆژنامە و تەلەڤیزیۆن و ئینتەرنێتەوە هەڵوێستێکە هەرچی مۆڕاڵی ڕامیاریی و مرۆڤایەتیی هەبێت تێیدا نییە. لێرەدا ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئێمە مردنەکان کارمان تێ ناکەن، نەخێر بە پێچەوانەوە، ئەوە هۆشی ئیسلامە بەبەرییەکانە وا هەستدەکان هەتا چاوی قوربانییەکان دەرنەهێنن و هەتا بە زیندوویێتیی سەریان نەبڕن و پێستی سەریان لێ نەکەنەوە و گوورچیلەکانیان لە کەلەکەوە بۆ دەرنەهێنن کاری تەواو لە کۆمەڵگا ناکەن. وەک چۆن ئەنساری ئیسلامیی ئەم ڕەفتارەیان لە ناوچەی "خێڵی حەمە" بەرانبەر بە پێشمەرگەکانی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان کرد. تێکڕای ڕەفتار فاشییەکانی جیهان لە کردەوە و بیرکردنەوەدا بران. ئیمام خومەینی و سەددام حسین ، بن لادن و عەلی حەسەن کیمیاویی، مووقتەدا سەدر و عودەی سەددام حسین، ئادۆڵف هیتلەر و کەمال ئەتاتوورک. ئەمانە هەموو خاوەنی یەک بیرکردنەوەن، ئەویش شەڕانگێڕیەتیی و شۆڤێنیەتە. ئیمڕۆ لە وڵاتی ئێراق دا کە سەددام حسین لەسەر تەختی دیکتاتۆریەت نەماوە بەڵام ئایا چیی لە بابەتەکە گۆڕاوە؟ ئەو بەبەرییانەی ئێستا دەیانەوێت بە زەبری کووشتن و بڕیین دەستەڵات بگرنە دەست چ جیاوازییەکیان لەگەڵ ڕژێمەکەی سەددام دا هەیە؟ ئەم جۆرە مۆنستەرانە کە لەدایک دەبن بە تی ئێن تی و بە تفەنگ و گولله و باروتەوە لەدایک دەبن، ئەمانە هەرچەندە کلتووری بەبەریی لە خوێنیاندایە، لەگەڵ ئەوەشدا لە قووتابخانەکەی بەعسدا پێگەیشتوون، بۆیە مەحاڵە وڵاتی ئێراق بەعس بڕ بێت. سەربازێکی ئەمریکیی لە باشووری ئێراق دا بە هاووڵاتییەکی عەرەب دەڵێ: یەک سەددام کەم بوو بۆ ئێوە دەبا ئێوە چوار سەددامتان هەبوایە. لە دەرخستنی زیندانە عەرەبەکانی ژێرچنگی ئەمریکا دا، بەوشێوەیەی کە ڕەفتاریان لەگەڵدا کراوە لەلایەن سەربازە ئەمریکییەکانەوە، تێکڕای وڵاتە عەرەبییەکان کەوتنە بەرزکردنەوەی دەنگی ناڕەزاییی و هەڵبڕینی پەنجەی هەڕەشە دژی ئەرمریکا. ئەمە بێجگە لە ناڕەزاییی دەربڕینی وڵاتە ئەوروپییەکان و ڕای گشتی جیهان دژی ئەمریکا. دیارە ئەوی وەڵامی تیرۆر بە تیرۆر بداتەوە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ بەرانبەرەکەیدا. ئەو ڕەوشتەی سەربازە ئەمریکییەکان کارێکی دزێوە و نابێت دووبارە بکرێتەوە. بۆ ڕمانی چینی کۆن مرۆڤ دەبێت میهرەبان بێت و هەوڵوتەقەلای ئەوە بدات بە هەموو نرخێک کۆمەڵگایەکی دیموکراسیی و تسیڤیل دابمەزرێنێت، نەگ بە توندڕەویی وەڵامی شەڕانگێڕان بدرێتەوە. کووشتنی وەزیری دەرەوەی وڵاتی سوێدن "ئانا لیند" نەیتوانی کاربکاتە سەر ڕامیارکارەکانی تری وڵات هەتا لە داهاتدا بەبێ

www.kurdistannet.org

پارێزگارییکردن هاتووچۆی سەربەستانەی ناوشار و وڵات نەکەن. شەڕی ئیسلامی ڕامیاکاری بەبەریی هەرگیز نابێت بە تۆپ و تەیارە و گوللە بکرێت، بەڵکوو دەبێت شۆڕشێکی هزریی و ڕۆشنبیریی بەسەردا بکرێت با قوربانییەکانیش ژمارەیان زیاد بکات، گرنگ ئەوەیە ئێمە ئەو ڕەفتارانە نەکەین کە ئەوان لەگەڵ ئێمەدا بەکاری دەهێنن. دوێنێ ڕێکەوتی 12.05.04 لە کەناڵی تەلەڤیزیۆنی "پرۆ زیبن"ی ئەڵمانییەوە چاوپێکەوتن لەگەڵ بۆچوونی گشتیی عەرەبی ئێراقیی دا کرا، دەرهەق بەو کارە ناڕەوایەی بەرانبەر بە " نیکۆلاس بێرگ" کرا لە لایەن فەناتیکە بەبەرییەکانی عەرەبی ئێراقەوە، یەکێک لە قسەکەرەکان گووتی: لە دوای بینیی ئەو فیلمانەی زیندانییە عەرەبە ئێراقییەکان لە تەلەڤیزیۆن دا، ئەمریکییەکان لەوە خراپتریان شایستەیە بەرانبەریان بکرێت. بەڵام ئەی بەبەرییەکانی بیست و پێنج وڵاتی شۆڤێنیی، ئەدی کورد لە دوای کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفال چیی بە ئێوە بڵێت؟ ئەدی ئێوە شایستەی چیین؟ بەڵام ئێمەی کورد ئەوەتا لە دوای ئەو هەموو کارەساتە جەرگبڕانەی کە ئێوەی نیشتیمانی عەرەبیی و تێکڕای جیهان چاویان لێ نووقاندبوو، دەستمان لە نێو دەستی ئێوەی عەرەبی ئێراقییدایە و هەوڵی دروستبوونەوەی دەوڵەتتان بۆ ئەدەین، کە لە کاتێکدا بوونی دەوڵەت لە پێش هەموو کەسێکەوە بۆ ئێمەی کورد لەپێشترە و ڕەواترە. بە وڵاتێکی وەک ئەڤغانستانیش نەبن، کە لەپێش کارەساتە دڵتەزێنەکەی یانزەی سێپتێمبەرەوە نەتەوەی ئەڤغانی بە دواکەوتووترینن نەتەوە ناسرابوو، بەڵام ئیمرۆ دەریانخست کە ئەوە ئێوەی عەرەب بوون یارییگای تۆپی پێتان کردبووە قەسابخانەی سەربڕیینی مرۆڤ نەگ ئەڤغانیی. لە دوای ئازادکردنی ئەڤغانستانەوە هەتا ئێستا نەتەوەی ئەڤغانیی بە تۆزقاڵەزەڕرەیەکی ئێوەی عەرەب لە ئێراق دا کێشەیان نییە. بەڵام ئێوە کلتووری کووشتن لە خوێنتانایە. شۆڤێنیەت لە باوەڕ و ئایینتانایە، هەربۆشە چاوتان بەرایی هەڵنایە کە نەتەوەی کورد ئیمرۆ سەربەرزانە و بە شانازییەوە دەبێتە ئەندام لە فیدراسیۆنی ڕۆژنامەوانیی جیهان دا و هەنگاو دەنێتە نێو جیهانی دیموکراسیی و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای تسیڤیلەوە، ئێوەش بە کلتوورێکی بەبەریانەوە دەمی کێردی سەرگەردنی خۆر بە هەسانی ئیسلام تیژدەکەنەوە.

13.05.04